# شیعه هێشتا حوكمی وەرنەگرتووه ئاوا نادیموكراته...!!!

فـــەهـــد گـــــــردەوانـــی

***2005/12/4 ستۆكهۆڵم***

**دوێنێ ئەیاد عەلاوی بە سەردانێک چووە نەجەف بۆ ئەوەی هەندێک لە پیاوە ئاینییەکانی شیعە ببینێ و پڕوپاگەندە بۆ خۆی و لیستەکەی بکات...لە جیاتی ئەوەی خەڵکی نەجەف گوێی بۆ رابگرن ،نزیکەی شەستکەس لەو جل رەشانەی کە خۆیان بە رۆڵەی ئیمام عەلی و حوسێن دادەنێن کەوتنە بەر تێگرتنی بە کەوشان{کەوشبارانیانکرد}..**






**ئەیاد عەلاوی لە کوردستاندا ریزی لێدەگیرێت و پێشوازی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێدەکرێت ، کەچی لە نەجەف ئەشرەف {ئەگەرچی خۆشی شیعەیە} لە مەزاری ئیمام عەلی دەدرێتە بەر کەوشان{قۆندەرە}...ئەو مەڵبەندە موڵکی موتڵەقی شیعەیە...دەسەڵاتداران بریتین لە نەوەی حەکیم و صەدر و هێزی بەدر و مەرجەعیەتی سیستانی..هتد. جا گەلۆ ئەوا هێشتا شیعە دەسەڵاتی بەتەوای وەرنەگرتووە و هەموو دەسەڵات لەلای نیە ئاوا دەکات ، ئەی ئەگەر بەتەنها حەکمی عێراق بکات چ جۆرە دیموکراتییەکمان فێر دەکات...ئێستاکە سەرۆکی عێراق کوردە و جێگری سەرۆک وەزیران کوردە و جێگری سەرۆک سونەیە ئەی سبەی زۆرینەی هێناوحکومەت و دەسەڵاتی کەوتە دەست دەبێ چ جۆرە دەسەڵاتێک بەڕێوە ببات...**

**دەبێ هەموومان بە پێیان بەروە ئەو مەزارانەمان رابماڵن...گەلۆ ئەیاد عەلاوی ئەو پیاوە شیعەیە و عارەبە بە کەوشان راونرا ، ئەی ئەگەر بەرێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بچنە نەجەف باسی مەسەلەی کورد بۆ نەوەی عەلی و حوسێن بکەن چۆن چۆنی پێشوازی دەکرێن...سەرۆک وەزیران ئیبراهیم جەعفەری شیعەیە و لەگەڵ لیستەی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم پێکەوە دابەزیوون دەبێ بەئاشکرا ئەوکردەوەیە ریسوابکەن ئەگەر نا دیموکراسیەت بە کەوش راوەشاندن جێ جەجێ ناکرێت ، خۆ گوایە تەقەش شوێنی کەوشی گرتبۆ وە بەڵام ئاخۆ نەهێشتنی کەسانی دژی لیستەی شیعە بۆ لە نەجەف قەدەغە بکرێت ، ئەی بەیانی حیزبی شیوعی عێراق و حیزبە عیلمانیەکانی دیموکراتی چۆن دەتوانن پروپاگەندە بۆ لیستەکانیان بکەن ، کێ گیانی ئەو کەسانە دەپارێزێت کە خۆیان لە دەرەوەی لیستەی شیعەکان هەڵدەبژێرن ...**

**دەبێ دەسەڵاتی مەرجەعیەتی سیستانی کەمتر بکرێتەوە و نابێ بەو شێوەیە پشتگیری چەند گرۆپێک بکات و دژی چەند گروپەکی تر پروپاگەندەبکات ، لە رووی یاساییەوە سیستانی ئێرانیە و بۆی نیە دەست لەکاروباری سیاسی عێراق وەربدات ، دەبێ وەکو پیاوەکی ئاینی دوور لە سیاسەت کاربکات...دەبێ دیموکراسیەت وەکو سەرەتای چەسپاندنی دەسەڵاتی میللەت و ریسواکردنی کارەکانی رژێمی فاشی پێشوو ببێتە رێبازی حکومەتی تازەی عێراق**